Cultureel Centrum Koerden
Den Haag

مەڵبەندی کلتووریی کورد
لە دەنهاخ

# ڕۆژێکی کراوە بۆ زانیاری بەخشین لەسەر یاسای نوێی یارمەتی کۆمەلآیەتی تایبەت

بەڕێزان...

یاسای نوێی یارمەتی کۆمەلآیەتی تایبەت ( **Nieuwe Bijzondere Bijstandswet** )، یاسایەکە لای هەمووان بەتەواوی ناوەڕۆک و برگەکانی نازانرێت، بەتایبەتی لای کۆمەڵی کوردی. لەو ڕوانگەیەوە مەڵبەندی کلتووری کورد لە شاری دەنهاخ، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی 2004-11-14 بەهاوکاری لەگەڵ سەندیکای فیدراڵی هۆڵەندی ( **FNV-KADOVA Matchline** ) کۆڕێک سازدەکات، بۆ ئەو مەبەستەش سێ پسپۆڕ لەشارەوانی دەنهاخ بانگهێشت کراوە بەڕێزان: mw. Berk houd پسپۆڕ و پێشکەشکەری یاساکە، mw.De Jong ڕاوێژکار لەبواری یاسای نوێی یارمەتی کۆمەلآیەتی، Dhr. Molinar ڕاوێژکار لەو بوارەدا. هەروەها بەڕێز جەمال ئەکوە، وەک بەڕێوەبەری کۆڕەکە و وەرگێری باسەکە ئامادە دەبێت. ئامادەبونیان لەگەڵ ئێوەی خۆشەویستدا ئەو خالآنە تاوتوێ دەکەن کە پەیوەندیدارە بەو یاسا نوێیەوە، ئەمەش سودێکی باشی هەیە بۆ ئەو کەسانە کە بێکارن و تەنها یارمەتی سۆشیالیان هەیە، دەتوانن بەپێی ئەو یاسا نوێیە، بڕی یارمەتی وەربگرن بۆ پێداویستی تر کە لە توانای کەسێکی بێکاردا نیە.

هەر لەو ڕۆژەدا چوار WORKSHOP یش ڕۆژەکە دەرازێنێتەوە:

- پێناساندن لەسەر سیستەمی کۆمپیوتەر.
- هونەری بەکارهێنانی قوڕی دروستکراو لەلایەن بەڕێز سیروان جەمال
- فێربوونی زمانی هۆڵەندی چۆنیەیتی کۆرس وەرگرتن.
- زانیاری وەرگرتن لەسەر چۆنیەتی کار دۆزینەوە.

**کۆڕەکە بە گوێگرتن لە مۆسیقاو پێشکەش کردنی خواردن و خواردنەوە کۆتایی دێت.**

ناونیشان: Televisiestraat 2y

کات: ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی 2004-11-14، کاتژمێر 14.30 ی پاش نیوەڕۆ.

بۆ گەیشتن: لە وێستگای دەنهاخ هۆڵەندسپۆر، ترامی 9 وەردەگریت و لە وێستگای Dynamostraat دادەبەزی.

بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکە بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: 0652351910

## هاتنتان مایەی خۆشحاڵیمانە.

CCk,postbus 367 Tel&Fax :070 –3080445 Girorekening: 7236453, CCK – Den Haag
2280 AJ Rijswijk Mobiel: 06-52351910 E-mail: cck@ikurd.com